
وەزارەتی دەرەوە: بەشداری سودانی لە لوتکەی شەرم شێخ لەسەر بانگهێشتی ئەمریکا و میسرە



ئەمڕۆ دووشەممە، وەزارەتی دەرەوە، ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی بەشداریکردنی سەرکی ئینجومەنی وەزیران لە لوتکەی شەرم ئێلشێخ بڵاو کردەوە، لە هەمان کاتدا ئاماژەی بەوەدا کە بەشداریکردنەکە لەسەر داوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و میسر بووە.

وەزارەتەکە لە ڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتەبع کەوتووە، ڕایگەیاند: "سەرکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، بەشداریی لە لوتکەی ئاشتی شەرم ئێلشێخدا کرد، کە تێیدا سەرکایەتی شاندی کەماری عێراقی کرد لە لوتکەکەدا کە ئەمڕۆ لە شاری شەرم ئێلشێخی کەماری میسری عەرەبی بە بەشداریی فوئاد حوسێن، جێگری سەرکی ئینجومەنی وەزیران و وەزیری دەرەوە، بەڕێوەدەچێت".

ئاماژەی بۆشکرد: "ئەم بەشداریکردنە وەڵامێک بوو بە بانگهێشتنامەی هاوبەش کە لەلایەن حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەماری میسری عەرەبییەوە پێشکێش کرا، بە گفتوگۆکردن لەسەر هەوڵە هەرەمی و نەوەوڵەتییەکان بۆ ئامانجی کۆتاییهێنان بە جەنگی غەززە، و بەدەستهێنانی وەستانێکی هەمیشەیی بۆ تەقەکردن، و دڵنیابوون لە گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان بە هاووڵاتیانی سڤیل، و دەستپێکردنی ڕێوڕەوێکی سیاسی کە بەشداری بکات لە جێگیرکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکەدا".

ئاماژەی بۆشدا کە "ژمارەیەک لە سەرکردە و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان بەشداریان لە لوتکەکەدا

کرد، لە چوارچێوەی هەوڵ هاوبەشکان بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی هەرێمی و نەوەوتی".